# قەرزێکی کۆن و وەلامێکی درنگ وەخت بۆ سایتی ((دەنگی کورد))

**ریبوار عارف**

لەم ڕۆژانەدا لەلایەن دۆستێکەوە فایلێکم بەدەست گەشت، کاتێك کە کردمەوە، دەبینم سایتی ((دەنگی کورد))ە. ماوەیەکی زۆر بوو ئەم سایتە بێ سۆراغ بوو، وەك خۆیان دەڵێن:((. . . . بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ مانگە دەنگی کورد بە بێماڵ ئاوای و بەبێ ڕاگەیاندنی پێشوی لەکارو چالاکی وەستاوە. )) هەر بۆیە بەهیوام لە درەنگ وەلامدانەوەی بابەتێك کەسەرنجتانی بۆ ڕادەکێشم سەرسووڕماو نەبن، چوونکە ئۆباڵی ئەم وەلامە درەنگ وەختەش لە ئەستۆی سایتی ((دەنگی کورد)) خۆیدایە، بەتایبەت لە کاتێکدا ئەم بەرێزانە ئەو مافەیان پێ ڕەوا نەبینیوین کە وەك هەر ڕەوشتکی تری کاری ڕۆژنامەگەری لەکاتی خۆی دا لەم وەلام وهەلوێستەی خۆیان ئاگادارمان بکەنەوە، لەهەرحالدا من وەلامێکی((دەنگی کورد)) قەرزارم، نەبەسەر چوونی کات من دەبەخشێت ونەئەوانیش لەوەلام وەرگرتنەوە دەپارێزێت، کەواتە پراوپرە ئەگەر جارێکی تریش بڵێن: قەرز کۆن دەبێت بەلام نافەوتێت !

کاتێك کەجێ‌پێی فایلەکانی دەنگی کوردم هەڵدەگرت، فایلی((ئەگەر بۆ دەنگی کورد دەنووسن))م کردەوەو پاش خوێندنەوەی چەند پەرەگرافێك بۆم دەرکەوت کە ئەم بابەتە زیاتر وەك پرانسیپی ئەم سایتەو دیاری‌کردنی مەرجەکانی بلاوکردنەوەی بابەتەکان تەرخان کراوە. لەوەی گەڕێین کە ئەم بابەتە تا چەندە پەیوەندی بە دەست نیشان کردنی مەرچەکانی نووسینەوە هەیە، چاکتر وایە خوێنەرێك کە ئارەزوومەندە دەقی بابەتەکە وەك خۆی بخوێنەوە پاشان کلاوی خۆیان بکەنە قازی.

سەرسووڕماو نەبن لەوەی کە هەر لەم بەشەی کە لە ڕواڵەدا بۆ دەست نیشان کردنی پرانسیپی کاری ڕۆژنامەگەری سایتی دەنگی کورد تەرخان کراوە، بەشیك لە ڕوونکردنەوەکەیان کە بەقەڵەمی بەرێز کرمانج هقی نووسراوە، بۆ وەلامدانەوە بە هەفتەنامەی فیدراسیون یان من وەك سەرنووسەری ئەو بلاوکراوەیە، کەبەم جۆرە دەنووسێت: لەماوەی ڕۆژەکانی ڕابردودا هەفتەنامەی فیدراسیون، بلاوکراوەی فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی کە لەلایەن بەرێز ڕێبوار عارفەوە ناردراوە بۆ بلاوکردنەوە لەسەرسایتی کوردستان. ئێمە بەم هۆیانەی خوارەوە خۆمان لە بلاوکردنەوەی (فیدراسیون) لەسەر سایتی دەنگی کورد خۆمان پاراستووە :

1- فیدراسیون پەنابەران سەر بەڕێکخراوێکی سیاسیە.

2- ئورگانی ئەو ڕێکخراوەیە کەبەریز ریبوار عارف سەرنووسەریەتی، وەك ئۆرگانێکی ڕێکخراوێکی سیاسی(عیراق) چاولێدەکرێ و

3 سایتی دەنگی کورد بلاوکراوەکانی لایەنە سیاسی بلاوناکاتەوە. 22 / 9 / 2001

من هەر لێرەدا پێم باشە کە سەرنجتان بۆ چەند پەرەگرافێکی تر ئەم سایتە لە فایلی ((قسەیەك لەگەل خوێنەران و نووسەرانی دەنگی کورد)) بخەمە ڕوو تا ئەوکاتە ڕۆشنتر وئاسانتر هەلوێستەیەك لەبەردەم ڕوانگەو مەرج و پرانسیپەکانی ئەم سایتەدا بکەین.

کەلەم بەشەدا بەم جۆرە دەنووسن : ((. . . . دەنگی کورد نەوەك سایتێکی بێ بەرنامە، بەڵکوو هەوڵی ئەوە دەدات ببێتە گۆڤارێکی مانگانەی ئینتەرنێتی. ئامانجمان ئەوەیە کە لە چوارچێوەی ژۆرنالیستی ئەلەکترۆنی بەشداری گەشە پێدانی نەوەی نوێی ڕۆژنامەگەری کوردی بکەین. ئیمە لەو چوار چیوەیەدا خۆمان بە ئەمەگداری " ئازادی ڕا دەربڕین و وەشانی ئازاد دەزانین " و بەپرسایەتی سیاسی، ناوەڕۆك وئەخلاقی نووسراوەکانی



www.kurdistannet.org

بلاوكراوە لە گۆڤارەكەمان بە ئەستۆ ناگرین. هێڵی سووری ئێمە هێرش و سووكایەتی بە كەسایەتی و ڕێكخراوەكان و لایەنەكانی پێوەندیدارە.

. . . . . . مەیدانی خزمەت بە دۆزی كوردی بەرفراوانە و با هەموو هەوڵەكانیش تەواوكەری یەكتربن. بە شانازی یەوە خۆمان بە هۆگری كوردایەتی دەزانین و ناسیونالیزمی كورد نە تەنیا بە خۆ كەم بینی بەلكوو وەك پێویستیەكی مێژووی سەیر دەكەین و لە پێناوی گەشە سەندنی ئەم هەستە پیرۆزە لە چوارچێوەی ڕێزگرتن لە مافی یەكسانی هەموو مرۆڤەكانی سەر زەوی.

سەرەتای ترین پرسیار كە ڕێگە بۆ ئەم بەرێزانە خۆش دەكات كە چاوێك بە پرانسیپی ڕۆژنامەگەری خۆیاندا بخشێنەوە، ئەوەیە كە ئایا بەڕاستی دەتوانن لەئارشیفی ئەدەبیاتی ڕۆژنامەگەری كوردیدا، تەنها نموونەیەكی تری وەك خۆیان دەستنیشان بكەن كە بەو شێوە دوور لە نەریتی ڕۆژنامەگەری لە كاتێكدا كە مەرج وپرانسیپەكانی سایتەكەی خۆیان ڕادەگەیەنن، هەلویستی خۆیان لە پەیوەند بە ڕۆژنامەو بلاوكراوەی لایەنیكی تر ڕابگەیەنن، تەنانەت بەبێ ئەوەی كە ڕاستەخۆ ئەولایەنە لە هەلویستی خۆیان ئاگادار بكەنەوە. وە لەمەش زیاتر تەنانەت كاتیك كە دەیانەویت هۆكارەكانی بلاونەكردنەوەی ئەو بلاوكراوەیە دەستنیشان بكەن پەنا بۆ خستنە ژێر چاودیری بیروباوەڕی بلاوكراوەكەی تر بەرن كە ئەمەش تەنانەت پیچەوانەی پرانسپەكانی خۆشیانە.

جیگەی خۆیەتی ئەوەش بلێین كە ناردنی هەفتەنامەی فیدراسیون بۆ هەر سایت و ڕۆژنامەو بلاوكراویەكی ئەلكترۆنی و نیهاد و حیزب و لایەنیك بە مانای ئەوە نی یە كە چاوەڕوانی ئەو بین كە ئەو لایەنانە هەفتەنامەی فیدراسیون بلاوبكەنەوە، بەلكو وەك نەریتیك پیمان باشە كە زۆرترین كەس و لایەن ئاگاداری هەلوێست و هەلسورانی كاروبارەكانی فیدراسیون بن.

جگە لەمەش هەر كاتیك كە وویستبێتمان ساتێك بابەت یان هەفتە نامەی فیدراسیون بلاو بكاتەوە ئەوا لەگەلیشدا پەیامێكمان ناردوەو داوامان لیٚ كردون كە بەلْكو ئەم بابەتە بلاوبكەنەوە، كە جێگەی ڕێزە زۆرێك لە سایتەكان بەبەردەوامی ئەم كارەیان ئەنجام داوە. لەوانەش سایتی نووسەری كورد، سایتی پەنجەرە، سایتی بروسكە، وە جاریكیش بەهەمان شێوە پەیامیكمان نارد بۆ سایتی هەلەبجە، دواتر بەشێوەیەكی ئاسای لە پەرگرافێكی كورتدا دوای لێبوردنیان كرد سەبارەت بە هۆی بلاونەكردنەوەی هەفتەنامەی فیدراسیون، ئیتر با ئەوەش لەو لاوە بووەستیٚ كە ئایا ئێمە داوامان لە سایتی دەنگی كورد كردوە كە هەفتەنامەی بلاو بكەنەوە یا نا. بەلام سایتی دەنگی كورد ئەو كارەی نەكرد لەبەر ئەوەی كە ناردنی بلاوكراوەی ریكخراویكی عیراقی بەفرسەتێكی گونجاو زانی كە لەفایلیكدا كە بۆ هەمیشە دەمینیتەوە " مەگەر لە حالیكدا نەبیت كە بزانن مانەوەی ئەو لاپەرە بەوشێوە بەبێ ڕەزامەندی ئەو كەس ولایەنەی كە سەرنجیان لەسەر داوە ببێتە جێگەی ڕەخنەو سەرزەنشتی كەسانیكی زیاتر "، ئەگینا وەك باجدانیك بە ناسیونالیزمی كورد مانەوەی ئەو لاپەرە بە جێگەی شانازی خۆیان دەزانن بۆ گەرم كردنی بازاری كوردایەتی.

<u>سایتی دەنگی كورد لە نیوان شانازی كردن بە ناسیونالیزم و ادعای یەكسانی خوازی و مافی نرۆڤ ! ؟</u>

ڕەنگە كارێكی زۆر گونجاو نەبێت كە بمەوێت لە دەروازەی ئەم بابەتەوە پەردە هەڵماڵینێكی هەمەلایەنە لە سەر هەویەتی ناسیونالیستی ونامۆ بوونی ئەم هەویەت وئایدۆلۆژیە بە هەر بنەماو پێوانەیەكی ئینسانی و بەرابەرخوازانە لە هەر بوارێكی ژیاندا. ئەوەی لەم فرسەتە كورتەدا دەكرێت ئاوڕێكی سەرپێیانەی لیٚ بدەینەوە ناوەڕۆكی هەڵویستگیری سایتی دەنگی كورد لە بارەی بلاونەكردنەوەی هەفتەنامەی فیدراسیونەوە.

یەکەم جار نی‌یە مەسەلەی عیراقی بوونی فیدراسیون بکرێتە پێوانەی هەڵوێستگیری و بایکۆت وهێرش کردنە سەر ئەم ئۆرگانە، جا چ لەلایەن هەندی کەس و کەسایەتی قەڵەم بەدەست و نووسەرەوە بووبێت یان لەلایەن هەر کۆڕ وکۆمەڵ و ڕێکخراوەو ڕۆژنامە و سایتێکەوە، بەلام ئەوەی کە خالی هاوبەشی هەموویانە هەمان شانازی کردنە بە ناسیونالیزم و کوردایەتی کردنەوە.

ئایا بەڕاستی ئەمە لە ادعایەکی تۆو خالی زیاتر چ مانایەك دەبەخشێت کە سایتی دەنگی کورد دەیکات، لە پەیوەند بە ئەمەکدار بوون بۆ " **ئازادی ڕا دەربڕین و وەشانی ئازاد دەزانین** " کاتێك کە ئەمە ناوەڕۆکی وەلامدانەوەیان دەبێت بە بلاونەکردنەوەی بلاوکراوەیەکی سیاسی لە پەیوەند بە ژیان وگوزەران وکێشەکانی پەنابەران. لە ڕاستی دا ئەوەی کە ئێوە بە پرانیسپی ئورگانەکەی خۆتانی دەزانن زیاتر لە هەرشتێك <u>پشکنینی بیروباوەڕەی سیاسی‌یە</u>، ئەگینا چۆن ڕێگە بەخۆتان دەدەن هۆکارێکی بلاونەکردنەوەی هەفتەنامەی فیدراسیون بۆ ئەوە بگێڕنەوە کە ((**فیدراسیون پەنابەران سەر بەڕێکخراوێکی سیاسیە**))

ئایا بەڕاستی سایتی دەنگی کورد دەتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات کە سایتەکەیان ئورگانێکی سیاسی نی یە ؟ ئەی کەواتە حیکمەتی بایکۆت کردنی ئەم بلاوکراوەیە چی‌یە، جیاواز لە چاو هەڵنەهاتنی ناسیونالیزم بە ئازادی بەیان، ئازادی بیروڕای سیاسی، . . . . ئەگەر بەڕاستی خۆتان بە ئەمەکداری ئازادی ڕادەبرین دەزانن، چۆن و بە چ دەلیلێك ڕێگە بەخۆتان دەدەن کە سیاسی بوونی ڕێکخراوێك بکەن بکەنە بەنەمای یەکێك لەهۆیەکانی بلاونەکردنەوەی ئەدەبیاتیان ؟

چ پاساوێك دەتوانێت ئێوە لە ژێر باری ادعای بەرابەری ومافی مرۆڤدا ڕزگار بکات، کاتێك کە عیراقی بوونی ئۆرگانێك بۆتان دەبێتە هێلی سووری بلاونەکردنەی ئەدەبیاتیان لەسەر سایتەکەتان. ئەگەر ئێوە ادعای ڕێزگرتن لەمافی یەکسانی هەموو مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی دەکەن بۆ عیراقی بوونی ڕێکخراوەیەکتان بۆ هەزم ناکرێت ؟. . . . لە هەموو ئەمانەش زیاتر ئێوە کە دەنووسن : ((. . . **بەپرسایەتی سیاسی، ناوەڕۆك و ئەخلاقی نووسراوەکانی بلاوکراوە لە گۆڤارەکەمان بە ئەستۆ ناگرین**)) ئیتر چۆن بەو شێوە پاساوەی بلاونەکردنەوەی بلاوکراوەی هەفتەنامەی فیدراسیون دەکەن ؟ !

هەڵبەتە ئەوەش بڵێم، کە بایکۆت کردنی بلاوکراوەی هەفتەنامەی فیدراسیون لەلایەن ئێوەو هەر لایەنێکی تریشەوە نیگەرانی یەکی تری سەرەکی لە هەگبەی خۆیدا هەڵگرتووە، ئەویش ئەوەیە لە کاتێکدا کە سەدان کۆرکۆمەل و حیزب و ڕێکخراوی کوردی و پڕ گیانی کوردایەتی تەنها ووشەیەك لەسەر ژیان و چارەنووسی ئەو دەیان هەزار پەنابەرە کوردە نالێن کە ئەمرۆ لەبەردەم هەڕەشەی دیپۆرت کردنەوەدان، جیاواز لە پیاهەڵدان و زەماوەندی ئاسایشو بەختەوەری نەبیت لە کوردستاندا، کە هەر هەمان مانیشتی ئاسایش ئەمرۆ لەلایەن هەموو ئەم وولاتانە کراوەتە بنچینەی بڕیادان بۆ گەڕانەوەی ئەو دەیان هەزار پەنابەرە.

بەلّێ لە بازاری کوردایەتی کردندا، دیفاع کردن لە چارەنووسی ئەو دەیان هەزار ئینسانە لەلایەن ڕێکخراوەیەکی عیراقی یەوە ڕەنگ بێت بە بارگرانی ونەنگی بزانن بۆ خۆیان، ئاخر چوون لە نیو سەدان حیزب ولایەنی تابینەقاقا غەرقی کوردایەتی ڕێکخراوێکی نا ناسیونالیستی عیراقی بووەتە ناسینەوەی ڕەمزی دیفاع لە مافەکانی پەنابەران و بە تایبەت پەنابەرانی کوردیش لەم دەورەدا.

جێگەی خۆیەتی ئەوەش بڵێم، کە بەڕێزان بەر لە ئێوەش کۆڕوکۆمەل و حیزب و ڕێکخراوی تر زۆر بوون کە تانانەت بە تاوانی عیراقی بوون و ئیرانی بوون نەك هەر ڕێگریان لە بلاوکردنەوەی ئەدەبیات و بیروڕای مخالفینی سیاسی بزوتنەوەکەی خۆیان دەگرت بەلکو هەلسوڕاوانی سیاسی چەپ و ڕادیکاڵیان زیندانی دەکرد، لەمەش

زیاتر بە تەور لاشەی کەسانیکیان ئەنج ئەنجن کرد، بەلام ئیستە هەر هەمان حیزب و ڕێکخراوێك کە بووەتە ڕەمزی دەستەلاتداریەتی ناسیونالیزم، پێشبڕکێی عیراق بوون، یەك پارچە بوونی عیراق و ئیرانیان کردوە سروودی سەر زمانیان و هەموو چەند چرکە جارێك لێرەو لەوی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندا دەیلێن ودەیلێنەوە، بۆیە ئەگەر دەتانەوێ دوانەکەون و ناوتان لە لیستی ((ناسسیونالیستی ڕەسەندا)) تۆمار بکرێ، چاکتر وایە دەست لەم جۆرە ادعایانە هەڵبگرن چونکە هەقیقەت ئەوەیە کە نەك هەر لە ناو خەڵکدا ئەم قەوانە کڕیاری کزو لاواز بووە بەلکو لای لایەنەکانیش فایلی کوردایەتی کردن خراوەتە ئەرشیفەوەو ئێستە قسەیان لە تەبای خۆ گونجاندنە لەگەل ئەو حکومەتە فاشیستانەی کە چەندین دەهەیە بە زمانی ئاگرو ئاسن لەگەل خەلکی کوردا دێنە دوان.

لەکۆتایدا بە پیوستی دەزانم ئەوەش بلێم کە ناسیونالیزم و ادعای بەرابەری ماڤ مرۆڤ، چەپاندنەوەیەکی کەم وێنەیە، چونکە فەلسەفەی بوونی ناسیونالیزم لەسەر دابڕین و دابەش کردنی ئینسانەکانە لەسەر بنچینەی هەویەتی قەومی، ناسیونالیزم نەك هەر نامۆ و بێگانەیە بە بەرابەری ئینسان، بەلکو دروست بە پیچەوانەوە یەکیك لە کاریگەرترین لەمپەرەکانی بەردەم بەرابەری ئینسانە، کوشت و کوشتاری ملیونەها ئینسان لەسەدەی ڕابردودا تەنها گۆشەیەك لە کردەوەی نائینسانی ناسیونالیزمە لەسەر تاسەری جیهاندا بە ناوچەکەی ئێمەشەوە، بۆیە سایتی دەنگی کورد چەند مافی خۆیەتی کە شانازی بە ناسیونالیزمەوە بکات، سەد ئەوەندەش خەتا دەکات ناسیونالیزم و بەرابەری ماڤ مرۆڤ، لێك هەڵدەپێکێت.

2002 / 7 / 19

تیبنی / لەگەل ئەم وەلامەدا دەقی نووسراوەکەی سایتی دەنگی کورد دەخەینە بەردەست.

www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
25-7-02 01:35:12



# ئەگەر بۆ دەنگی کورد دەنووسن

**کرماغ حەقی**

بەهۆی کەمتیراژ بوونی رۆژنامە و گۆڤارەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و بەهۆی ئەوە کە بڵاوکراوەی چاپ کراو بەسەر کاغەز بەزەحمەت بە هەموو خوێنەران دەگەیشت، زۆرجار نووسەری کورد بۆ گەیاندنی بابەت بەخوێنەر ناچار دەبوو وتارەکانی بۆ چەندین جێگا بنێرێ بۆ بڵاوکردنەوە. ئەو هەوڵەی نووسەری کورد، سەرەرای ئەوەکە لە روانگەیەکی رۆژنامەگەری و وەشانەوە جێگای سەرنج بوو، بەڵام هەرلەوکاتەدا مرۆڤ دەیتوانی خۆی بەوە قانع بکا کە نووسەر مافی ئەوەی هەیە دەنگی بە هەموو جێگایەک بگا.

گرفتی کارەکە لەوەدابوو، کە لە هیچکام لە رۆژنامەکان لانی کەم ئەوەندە باس نەدەکرا کە وتارەکان لە چ رۆژنامە یان گۆڤارێکی دیکەش بڵاو کراونەوە. یەکێک لە هۆیەکانیش نەبوونی هاوکاری لە نێوان ناوەندەکانی بڵاوکردنی کوردی بوون و سەرەرای ئەوەکە زۆربەی بڵاوکراوەکان خاوەنی یەک پێناسە و ناوەرۆکی هاوبەش بوون، ئامادە نەبوون لە پێناوی یەکیەیەکی گەورەتر و بەهێزتر کە بتوانێ مەیدانێکی بەرفەهتر پێک بگرێ هەوڵ بدەن.

لە وەشانی ئەلەکترۆنی بە رێگای کاناڵەکانی ئینتەرنێتەوە، بەخۆشیەوە، بەرتەسک بوونی چوارچێوەی جوغرافی و کاتی لەسەر پەیڤەکان نامێنێ و وتارەکان بێ ئەژمار شانسیان هەیە کە خوێنەری خۆیان بدۆزنەوە یا خود خوێنەر ئەوان بدۆزێتەوە. لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا، زۆر چەندین لاپەرەی بڵاوکردنەوەی ئەلەکترۆنی سەریان هەڵداوە و گەشە بە بڵاوکردنەوەی وشەی کوردی و رۆژنامەگەری کورد دەدەن. جێی داخە بەشێک لە نووسەران هەر بەشێوەی کۆن نووسینەکانی خۆیان هاوکات بۆ هەموو دەنێرن و بەبێ ئاماژە پێکردن هیوادارن لە لاپەرەکاندا بڵاو ببنەوە.

جێی خۆشیە کە هەم «نووسەری ک ورد»و هەم سایتی «کوردستان ن ێت»ئەو داوایەیان لە نووسەران کردووە کە ئەو بابەتەی کە بۆ بڵاوکردن دەشێ، تەنیا بۆ یەک جێگا بنێرن و یان لانی کەم ناوی سایتەکانی دیکەش بێن کە بۆیانی ناردراوە.
لەوانەیە بۆ زۆر لە نووسەران جێگای پرسیار بێ و ئەمەش بەجۆرێک سانسۆر خستنەسەر بڵاوکراوە بناسن، بەڵام ئەگەر لە روانگەیەکی پسپۆری و راگەیاندنەوە چاو لە مەسەلەکە بکرێ، دەبینرێ، ئەو کارەی سایتەکان راست لە خزمەتی دیموکراسی و بەرفراوانکردنی مەیدانی هاوبەش بۆ هەموو خاوەن قەڵەمەکانە.

ئێمە بەبێ ئەوە بەراشکاوی رامان گەیاندبێ، خۆمان لە بڵاوکردنەوەی هەر نووسراوەیەک کە لە شوێنێکی دیکە بڵاوکرابێتەوە و پێمان رانەگەیێندرابێ پاراستووە. بەجێ دەزانین لێرەدا دووپاتی بکەینەوە کە ئەو بابەتانەی کە هاوکات بۆ شوێنەکانی دیکە دەنێردرێن، بڵاو ناکەینەوە و تەنیا مەرجی بڵاوکردن ئەوەیە کە هەردوو لا ئاگاداری ئەوە بکرێن کە وتارەکان بۆ لایەنی دیکەش دەنێردرێ. دەرکردنی بەیانیە (بێجگە رێکخراوەکانی سیاسی)، نامەی ئاواڵە و بانگەواز لەو بابەتانەن کە دەشێ لە هەموو جێگایەک بەشێوەیەکی هاوکات بڵاو بکرێنەوە.

لەماوی رۆژەکانی رابردوودا هەفتەنامەی فیدراسیۆن بڵاوکراوەی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لە لایەک بەرێز رێبوار عارفەوە ناردراوە بۆ بڵاوکردنەوە لە سەر سایتی کوردستان. ئێمە بە هۆیەکانی خوارەوە خۆمان لە بڵاوکردنەوەی فیدراسیۆن لە سەر سایتی دەنگی کورد خۆمان پاراستووە:
١. فدراسیۆنی پەنابەران سەربە رێکخراوێکی سیاسیە
٢. ئۆرگانی ئەو رێکخراوەیە کە بەرێز رێبوار عارف سەرنووسەریەتی، وەک ئۆرگانی رێکخراێکی سیاسی (عێراق) چاو لێدەکرێ و
٣. سایتی دەنگی کورد بڵاوکراوەکانی لایەنەکانی سیاسی بڵاو ناکاتەوە.

٢٠٠١/٩/٢٣